# کاریگەریی سۆفیگەری
# بەسەر شیعری کوردیدا
## (نالی) بە نموونە



عەبدوڵڵا قەرەداغی

بەو مەبەستەی خوێنەری بەڕێز لە هەر جۆرە (بەهەڵەتێگەیشتن)ێك دووربخرێتەوە ئەم روونكردنەوانە پێویستن:

1.باسکردنی کاریگەریی سۆفیگەری لەسەر شیعری کوردی، شاعیرانی سۆفیی کورد دەخاتە دەرەوەی بازنەی خۆیەوە، چونکە ئەوان لە خودی ئەزموونەکەدا ژیاون و لە چرکەی دەستپێکردنی ئەزموونەکەوە سۆفیگەری بۆتە هەموو ژیانیان، بۆیە ناکرێ بگوترێ کاریگەریی بەسەریاندا هەبووە.

٢.بەو پێوەرەش، ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی سۆفیگەرییەوە ناکرێ بە شاعیری سۆفی لەقەڵەم بدرێن.

٣.باسکردنی کەوتنە ژێر کاریگەری، بە ڕوونی ئاماژە بۆ شارەزایی ئەو کەسانە دەکات کە دەکەونە ژێر

کاریگەرییەوە، لە بابەتی ئەو بوارەی کاریان دەکاتە سەر. واتە ناتوانرێ باس لەوە بکرێ کە فلانە شاعیری کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سۆفیگەرییەوە، ئەگەر ئەو شاعیرە شارەزاییەکی باشی لە بواری سۆفیگەریدا نەبێ.

٤.کەمترین رادەی پەیوەندیی نێوان شاعیرو بوارەکە ناکرێ لەو ئاستە نزمتر بێت کە ئەو بوارە بە سەرنجراکێش‌و دەوڵەمەند بزانێ. دەشکرێ بگاتە ئەو ئاستەی کە بوارەکە (سۆفیگەری) بە باش‌و پەسەندو پێویست بزانێ، بەڵام چوونە نێو ئەزموونەکەی بەلاوە سەختتربێ لەوەی لە خۆی رادەبینێ.

لێرەوە باسکردن لەو پەیوەندییە دەبێ پشت ببەستێ بە گەڕان بەدوای بەڵگەکانی ئەو پەیوەندییەداو ئەمەش ئەرکی هەرە دیارو گەورەی ئەم نووسینەیە.

دوو لایەنی هەرە گەورەی کاریگەریی سۆفیگەری بەسەر شیعر، بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە هەردوو تەوەری عیشق‌و مەستی، کە لە جەوهەردا هەردوو چەمکەکە رەنگدانەوەی هەمان ئەزموونی رەهاخوازن کە بە سۆفیگەری ناسراوە.

چەمکی عیشق یەکێکە لەو چەمکانەی لە پێنج سەدەی سەرەتای ئەزموونی سۆفیگەریدا بەکارنەهێنرا، لەبەر ئەوەی ئەو وشەیە مەعنای (زێدەڕۆیی لە خۆشەویستیدا) دەبەخشێ‌و ئەوەش بەو شێوەیە ناکرێ بۆ خۆشەویستیی راستەقینە بەکاربهێنرێ. خودی خۆشەویستییەکەش لەو ئەزموونەدا رازێکە نابێ بۆ نامەحرەمان بدرکێندرێ، بەڵام کە عاشق بە دیدار یان تەنانەت بە تەنها وشەیەکی یار مەست دەبێت‌و بە تەواوی هۆشی خۆی لەدەست دەدات، خود بە خود ئەو رازە دەدرکێندرێ، لەم چرکەیەوە (دڵ) وڵاتی (سینە- سنگ) بەجێ دەهێڵێت‌و (یار) دەکاتە ئامانجی گەشتی خۆی، تا دەگاتە پلەی سووتان‌و توانەوە (شیعری مەحوی)، لە دەیان شوێندا ئەم راستییانە دەدرکێنێ، وەکو:

**کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**
**نەچێتە سەر طەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ، چبکا؟** ٥ أ ٢ ل١٤

**لە هەر جێیەک هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵروخان (مەحوی)**
**ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە، ئاونگی عەقڵ چبکا؟** ٥ أ ٩ ل١٦

**لێوی هەر هاتە قسە، رۆحم چووە**
**بۆ سوئالی ئەو، بەلێ، رۆحە جەواب** ٢ ب ٢ ل٤٥

**دەپرسێ: بۆچی من دەرکەوتم‌و، دڵ بوو لە تۆ غایب**
**کە وەختێ رۆژهەڵات ئەلبەت، دەبێ شەونم لەخۆ غایب** ٦ ب ١ ل٥٣

**بنازم بەو پیاڵەی چاوی مەستە**
**بە یەک پرشنگی، عالەم سەربەسەر مەست** ٦ ت ٥ ل٧٣

**بە جیلوەی ئەو، وەکو شەونم، فڕی هەر عەقڵ‌و هۆشێ بوو**
**کە سێبەر مەحوە لەو جێیە هەتاوی لەحظەیەک لێ کەوت** ١٢ ت ٧ ل٨٦

**دڵ لە سینەم هیجرەتی کردو وتی:**
**بوونە، عومرێ، فەرشی ئاتەشخانە، بۆچ؟** ١ چ ٣ ل٩٥

ئەم شێوە تۆکمەیەی پێکەوەگرێدانی هەردوو چەمکی عیشق- مەستی، وەکو لە سۆفیگەریدا دەبینرێ، رەنگدانەوەی خۆی بە شێوەی کاریگەری لەسەر ئەو شاعیرانەی دەکرێ بەوەیان لە قەڵەم بدەین کە کەوتوونەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە، بەهەمان شێوە مەحاڵە تەعبیرکردن لە ئەزموونەکە بە هەردوو لایەنەکەیەوە، لە

سۆفیگەریدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی سۆفییە، کەچی لە زۆربەی حاڵەتەکانی کەوتنە ژێر کاریگەریدا جۆرە لاساییکردنەوەیەکەو ئەو لاساییکردنەوەیەش هەرچەند هونەرمەندانە بێت، زیاتر گوزارشت لە دەسەڵاتی شیعریی شاعیر دەکات نەك لە رەسەنایەتیی ئەزموونی شیعرەکەی. بەڵام ئەمە رێسای نەگۆرو چەسپاویش نییە.

لەو ئەزموونانەدا کە دەکرێ بە چاوێکی دیکە بیانخوێنینەوە، دەتوانین لە پەناشەوە بێت ئاماژە بۆ هێندێ ئەزموونی بەهێزی خۆشەویستیی مەجازی بکەین کە رەسەنایەتیی خۆیان هەیەو سۆزێکی نائاسایی بەسەریاندا زاڵە، نموونەی ئەمە لە شیعری عەرەبیدا زۆرە، بەتایبەت لای ئەوانەی کە عیشقی مەجازییان بە (الحب العذري) ناسراوەو لای خۆشمان چەندین ناومان هەیە کە هەمان ئەو رەسەنایەتیو سۆزە لە شیعریاندا بەدی دەکرێ، لەوانەش، جگە لە (نالی) دەکرێ ئاماژە بۆ (وەلی دێوانە، حەسیب قەرەداغی، ئەنوەر قادر محەمەد) بکرێ، بە بەراوردێکی وردو خێراش، دەتوانین پەی بەو راستییە ببەین کە بەسۆزترین شیعری ئەم شاعیرانەمان پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بە (ناکامی)یەکی بێ وێنە، کە رەمزەکانیان لای نالی (حەبیبە- مەحبووبە)یەو لای وەلی دێوانە (شەم)و لای حەسیب قەرەداغی (کەژاڵ)ی کچیو لای ئەنوەر قادر محەمەدیش (شازادە)ی کۆچکردووە.

لە شیعری کوردیدا، هەڵبەتە شاعیرانی سۆفیمان ناخرێنە نێو ئەو چوارچێوەیەوە، ناتوانرێ ئەو (جۆرە مەی)ە بەدی بکرێ کە شاعیری بە کاریگەریی خۆی داگیرکردبێو ئەگەر بۆ نموونەش هەوڵبدەین ئاماژە بۆ (ناڵەی جودایی)یەکەی (هێمن) بکەین، ئەوا وێرای خنکان لەنێو دەریای ئەو ناکامییە گەورەیەی کە سەرتاسەری ژیانی (هێمن)ی بەخۆوە رەنگرێژکردبوو، دەتوانین دەرك بەو راستییەش بکەین کە ئەو شیعرە بە روونیو راستەوخۆ، لەژێر کاریگەریی چەند بەیتی سەرەتای (مثنوي معنوي)یەکەی مەولەویی فارس (جەلالەدینی رۆمی بەلخی)دا نووسراوە، کە بە (بانگ نی) ناسراوەو دڵۆپ دڵۆپ سۆزی گەورەی دابران لە رەگوریشەو گەران بەدوای دیداری لێوە دەتکێ:

**هر کسی کو دور ماند از أصل خویش**
**باز جوید روزگار وصل خویش** چوارەمین بەیت

(راز)ی خۆی لەو (ناڵە)یەدا شاردراوەتەوە کە دەرکی پێ ناکرێ:

**سر من از ناله من دور نیست**
**لیک چشمو گوش را ان نور نیست** حەوتەمین بەیت

لە ئاکامیشدا ئەم (راز)ە مەحرەمی خۆی هەیەو سەیر لەوەدایە کە مەحرەمی ئەم بیرە قووڵو (هۆش)ە سەیرە هیچ کەسێك نییە جگە لە مرۆڤی (بێهۆش) نەبێ:

**محرم این هوش جز بیهوش نیست** چواردەمین بەیت

لە کۆتاییشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە هەر لەو شیعرەدا (هێمن) بۆ تەعبیرکردن لە خۆی، ناچار دەبێ پەنا بەرێتەوە بەر بەیتێکی خودی ئەو (مەولەوی)یەو (بە دەنگێکی نەوی) بیخوێنێتەوە، ئەمەش ئەو بەیتەیە:

**مست مستم ساقیا دستم بگیر**
**تا نأفتادم ز پا دستم بگیر**

بەهەرحاڵ، لە شیعری سەرجەمی ئەو شاعیرانەدا کە ئاماژەیان بۆ کرا، بە (هێمنی موکریانی)شەوە، کاریگەرییەکە لە سنووری ئەو سۆزە سۆفییانە ناگوزەرێ کە ناکامی لە خۆشەویستیدا هەوێنی راستەقینەی

ئەو سۆزەیە. لە (هێمن)دا ئەو کاریگەرییە روونەی مەولانا جەلالەدینی رۆمی (مەولەویی فارس)، بە ناوهێنانی ئەو سۆفییە گەورەیەو بە تێهەڵکێشکردنی چەند بەیتێکیشی بەدی کرا، بەڵام هێشتا ناتوانین کاریگەریی ئێجگار قووڵی ئەو ئەزموونە بەسەر هیچ شاعیرێك لەوانەی ناویان هێنراو شاعیرانی دیکەشمان، بەدی بکەین بەو شێوەیەی لە شیعرەکانی (نالی)دا رەنگیان داوەتەوە. هەر ئەم خاڵەش بۆتە مایەی ئەوەی (نالی) بە نموونەی ئەو کاریگەرییەی سۆفیگەری بەسەر شیعری کوردیدا، لە دووتوێی ئەم بابەتەدا، هەڵبژێردرێت.

**بنەماکانی کاریگەریی سۆفیگەری لە شیعری (نالی)دا:**

ئەگەرچی بەلای شاعیرێکی وەکو (نالی) کە مەلایەکی شارەزا بووەو سەرەڕای ئەوەش کە لایەنگریی راشکاوانەی خۆی لە خۆشەویستیی ژن (کچ) لە غەزەلی (١چ)دا بە روونی دەربڕیوە، بەڵام بنەما ئێجگار ئاشکراکانی باوەڕهێنان بە روونی لە شیعرەکانیدا دیارەو لە سایەی ئەمەشدا ئاساییە خۆشەویستیی خواو پێغەمبەر زاڵ بێت بەسەر هەستو نەستو شیعریدا، بەڵام شێوەی ئەو دەربڕینە شێوەیەکی بەتەواوی سۆفییانەیە. لە یەکەمین غەزەلی (تیپی ئەلف)ەوە بە روونی دیارە کە وێڕای بەرزو بەرچاوراگرتنی شکۆ (جەلال)ی خوا، سیفەتی جەمالی، لە یەکەمین بەیتەوە بەرجەستەکردووە، ئەو جوانییەی کە لە بناغەدا کە خۆشەویستی راستەقینە لە ئەزموونی سۆفیگەریدا، سەرچاوەی بناغەیەتیو لە هەموو ئایەتەکانیدا، کە بوونەوەرانن ئاشکراو روون رەنگ دەداتەوە:

**ئەی جیلوەدەری حوسنو جلوەکێشی تەماشا**
**سەر رشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە، حاشا**

**فەییاضی ریاضی گوڵو میهرو ملو لەعلی**
**ئەی شەوقی روخو ذەوقی لەبت ذائیقە بەخشا**

**ذەرراتی عوکووسی کەششی میهری جەلالن**
**وا دێنو دەچن سەرزەدە سولطانو شەهەنشا**          **ا أ ا تا ٣ ل٧٥و ٧٦**

لەم چەند بەیتەدا جگە لەو شێوە سۆفییانەیەی خۆشەویستیی خودا، دوو لایەنی روونی دیکەی کاریگەریی سۆفیگەری بەدی دەکرێن، یەکەمیان بەکارهێنانی چەندین زاراوەی تایبەتی بواری سۆفیگەری، وەکو (جیلوە، حوسن، مەدەد، فەیض، شەوق، ذەوق و میهرو..هتد) بەهەمان ئەو ئاراستەیەی لەو بوارەدا بەکاردەهێنرێنو دووەمیشیان بەرجەستەکردنی نیازمەندی (احتیاج)ی بەردەوامی بەندە (عەبد)ە بەخودای خۆی، تەنانەت لە مەسەلەی باوەڕهێنانیشدا. ئەو نیازمەندییەی هەمیشە بەندە ناچار دەکات چاوی لە دەرگای (لطف—لوتف)ی خودا بێتو لە نێوان ترسو تکا (خوف)و (رجاء)دا ناخی دەتلێتەوە، ترس لەوەی کردەوەی بەندە لە ئاستی شوکرانەبژێری نییەو تکاش بەوەی رەحمەتی خودا فریای بکەوێ:

**بەو رەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەه زەڕ**
**لەم قەلبە کە وەک بەردە، رەشە، (رش رشاشا) ا أ ٥ ل٧٧**

ئەم چەمکەش لە زۆربەی شیعرە پاڕانەوە ئاساکانی (نالی)دا بە چەندین شێوەی جیاواز دووبارەبۆتەوە.

لە شیعری دیکەی (نالی)داو تەنها بە مەبەستی بەخشینی مۆرکێکی نائاسایی بە دەربڕین، شاعیر پەنا دەباتە بەر زاراوەی ئێجگار تایبەتی ئەزموونی سۆفیگەری بۆ دەربڕینی واقیعێك کە بەتەواوی سەر بە جیهانی فیزیکیی عیشقی مەجازییە. هەردوو زاراوەی بەقا(مان)و فەنا(نەمان) کە جەوهەری ئەزموونی سۆفیگەرینو

تەنها لە ڕێگای فەنای بەندە لە خەسڵەتو کردەوەو خودی خۆیەوە دەتوانێ (بەقا)ی ڕاستەقینە وەدەست بێنێ، (نالی) بەم شێوەیە بۆ خۆشەویستیی ئاسایی بەکاریان دێنێ:

**سهم ألف القد فقد صاد فؤادي**
**صاد هو من عينه، فقد صاد فسادا**

**بۆ ماچی دەمی ڕەنگە، لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی**
**جۆیایی بەقا خۆی لە دەمی تێغی فەنادا** ٣ أ ٦و ٧ ل٨٦و ٨٧

لە جەوهەریشدا دەتوانرێ لە دەیان شوێنی دیوانی (نالی)دا نموونەی پەنابردنە بەر (زاراوە)و (شێوەی دەربڕین)ی سۆفییانەی پشتبەستوو بە تەرو پاراویی عیشق بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڵوێستی نەشیاو بەدی بکرێ. لە وەڵامی کێشەیەکی تایبەت بە بواری بیروباوەڕ (العقائد- الاصول)دا، کە بەرانبەرەکەی چەمکی هۆکار (السبب) بەهێز دەکات، (نالی) لە بواری دەربڕینی سەرچاوەی بیروبۆچوونی خۆیو بەرانبەرەکەیدا -ئەگەر مفتی زەهاوی-ش بێت، هاوکێشەیەکی سۆفییانە دێنێتە ئاراوە:

**طووطیی تۆ لە حیرصی دڵ داوی طەمەع دەکاتە مل**
**بولبولی من لە عەشقی گوڵ تەغنیەو و طەرەب دەکا** ٨ أ ٦ ل١٠٠

بەهەمان مەنتیقو شێوە دەربڕینو بەهەمان هاوکێشەی سۆفییانەش ڕووبەڕووی کەسێك دەبێتەوە کە بە ڕواڵەت دەسی لەخۆو دنیادا شۆردووە، کەچی لە ڕاستیدا خۆپەرستە. بۆ ئەم مەبەستەیان (نالی) وشەی (صۆفی) بەکارناهێنێ، بەڵکو وشەی (خەرقەپۆش) بەکاردەهێنێ، کە یەکێکە لەو ڕواڵەتانەی سۆفییان پێ ناسراوە:

**هەر کەسێ ئیظهاری دانایی بکاتو مەقصەدی**
**خود پەسەندی بێ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا**

**خەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری ذاتی ئەمن؟**
**بێتە نێو، جیلوەی، بە زوشتی خۆی بەعوریانی دەکا** ٩ أ ٢و ٣ ل١٠١

هەڵبەتە نالی پتر وشەی (سۆفی)و هاوشێوە ڕوونەکانی زیاتر، بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە، ئەگەرچی لە چەند شوێنێکیشدا ئیشارەتی ڕاستەوخۆی بۆ تەریقەتێکی دیاریکراو کردووە، وەکو تەریقەتی نەقشبەندی:

**لە عەکسی ذاتی بێڕەنگت هەتاکەی دیدە ڕەنگین بێ،**
**جوونوونی لەیلو مەیلی نەقشبەندی عەکسی ئەسهابێ** ا ێ ٦ ل٦٠

هەڵبەتە لەم بەیتەدا سەرەڕای ئەوەی پلار لەو کەسە گیراوە کە بە (نەقشبەندی) ناوبراوە، بەو پێیەی کە ناوەکەیو جەوهەری وەکو یەك نین، بەڵام لە پەناشەوە هەست بەوە دەکرێ کە شاعیر بەو جۆرە دووسەرییەی (نازناو)و (ناوەرۆك)ی ئەو کەسە نیگەرانەو خەمی پێ دەخوا.

لە دابەشکردنی جۆرەکانی خۆشەویستیشدا (نالی) هەمان ئەو ناوە بەکارهێنراوە هەڵدەبژێرێ، کە لە ئەزموونی سۆفیگەریدا بەکارهێنراون: (عیشقی حەقیقی)و (عیشقی مەجازی)، لە غەزەلی (١ چیم)دا، کە دەیەوێ شێوەی بێزراوی (هاوشێوەبازی) لە خۆشەویستیدا بەرپەرچ بداتەوە، دەڵێ:

**عیشقت، کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ**

**شیرین کچو، لەیلا کچو، سەلما کچو، عەذرا کچ**  **١ چ ١ ل١٥٧**

بۆ جۆرەکەی دیکەی خۆشەویستیش، واتە خۆشەویستیی خودا، کە کرۆکی ڕێبازی سۆفیگەرییەو لە قورئانی پیرۆزیشدا جەختی لەسەر کراوە، هەمان ئەو ناوە هەڵبژێردراوە، کە سۆفییەکان دایانهێناوەو بەکاریان هێناوە:

**ساقی، وەرە مەیخانەیی دڵ کۆنە ڕەحیقی**

**گەر مایلی طەوفی حەرەمو بەیتی عەتیقی**

**یەک ڕەنگمو بێ ڕەنگمو ڕەنگین بەهەموو ڕەنگ**

**بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشقی حەقیقی**  **٩ ی او ٢ ل٦٥٥**

نەك هەر ئەمەش، بەڵکو لە شیعری (نالی)دا ئاماژەی هێندە زیرەکانە بۆ ناوی بەشێوەی تایبەت بەکارهێنراو کراوە، کە بەڵگەی شارەزایی لەرادەبەدەرو نائاسایی شاعیرە لە ڕێبازی سۆفیگەری، بەتایبەت لەو خاڵەدا کە ئەو ڕێبازە هەم پابەندی بنەمای شەریعەتەو هەم لەسەر بنەمای خۆشەویستیی گەورەی خودا دامەزراوە:

**نەوای ئاهەنگی (قد قامت) طەریقی جەمعی زوههادە**

**قەدو قامت بەلەهجەی ڕاستی طووبایی عوششاقە**  **١٠ ﻫ/ ٤ ل٤٥٦**

یان، کە دەیەوێ خۆشەویستیی خۆی دەربڕێ، (نالی) هەر پەنا دەباتە بەر جیاوازیی (ناوەرۆك)ی دڵو (ڕواڵەت)ەکەیو هەر هەمان ئەو زمانە بەکاردەهێنێ، کە بەڕاستی زمانی سۆفییانە:

**دڵم بەردە، ئەگەر شاخە، بەچاوی سووکی مەڕوانێ**

**بەخۆڕایی نەسووتاوە، ئەمیشە کێوی طوورێکە**

**شوعاعی ڕووت لە گەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ**

**بنازم بەم تەجەللایە، چ خورشیدو بلوورێکە**  **١١ ﻫ ٢و ٣ ل٤٥٨و ٤٥٩**

لە چەندین شوێنیشدا وا هەست دەکرێ سۆزی (نالی) بەتەواوی سۆفییانەیە، نەك هەر لەژێر کاریگەریدایە. ئایا ئەم پشت لە دنیا کردنانە ئاساییە؟:

**خۆشا ڕەندێ لە دنیا بێ موبالاتو موجەڕڕەد بێ**

**بە ڕۆژ ڕیندەی جەماعەت بێ، بەشەو ماتو موجەڕڕەد بێ**  **٣ ی ١ ل٦٣٠**

**قەدری من چەندە لە لای دەوڵەتی دنیایی دەنی**

**قەدری ئەو کەمترو، هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی**  **١٢ ی ١ ل٦٦٧**